
# کرۆنەلۆژیای هەندێ شەهیدی حزبی شیوعی

دایە باسی تەرمی ئاشتی مەکە!



**ئاشتی و هاوڕێکانی ئەو هەموو سەربازەیان کوشتوە**

**با ئەوانیش تۆ ئەنفال نەکەن!**

لە بانی مۆردەوە، دوای شەڕەکانی ئەنفال، بەهاری ١٩٨٨، بەرەو گەرمیانی ڕابوون، شۆڕ دەبوینەوە، هێزەکە سەرێکی لە بناری شاخ بوو، ئەوی دیش ناوچاوانی هەردەکانی گەرمیانی ماچدەکرد،

بەشێکی دیشی سەرەتاتکێکی لەگەڵ کەرکوک دەکرد ...تا هاوینی ١٩٨٦ لە دۆڵی کەرەجاڵ/ئەحمەد ئاوا، لەگەڵ هاوڕێ ئاشتی و ماجد وسۆران و چەند پێشمەرگەیەکی گەرمیان و قەرەداغ پێکەوە بووین، دواجار دوای ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی، مەفرەزەیەک لەگەڵ شەهید مەجید دوکانی هات و ئیدی هەموویان بەرەو قەرەداغ شوربوونەوە. هاوڕێ (ئاشتی)م دواجار ئێوارەی پێش شەڕی تازە شار ٧ لەسەر هەشتی مانگی چواری ١٩٨٨ بینی. ئەو مرۆڤە بە وورەبوو، سوور دڵنیابوو کە ئەمجارەیان چارەنووس تەواو نادیارە..کەمێ باسی شەرەکانی قەرەداغم لە دەفتەرەکەم بۆ ئەو و نازمە چکۆل خوێندەوە...زۆر دڵگران بوون...بەڵێ ٢٢ پێشمەرگە لەو شەڕە شەهید بوون و ٥ کەس دەرچووین، بێجگە چەند بەرگریەک، دووانمان بریندار..

دایکی هاوڕێ ئاشتی، زوو هەواڵی پێ دەگا کە کورەکەی شەهید بووە، ئاخر تا دوا فیشەک ئەو و هاوڕێکانی خۆیان نەدابوو بەدەستەوە. دایکی بە سەرۆک جاشێکی وتبوو، تەرمی کورەکەی بدەنەوە، هەر لەوێ لە نێزیک ئاوایی جەلال، پێش تازەشار و کانی قادر، ئەو سەرۆک جاشە پێی وتبوو، دایە گیان تا خۆشت ئەنفال نەکراوی بگەرێرەوە، ئەدی لاشەی ئەو هەموو سەربازە نابینی کە کوژراون، کورەکانی ئێوە کوشتویانن، تا ئەفسەرەکان نەتیانبینوە زوو بەگەرێرەوە. تەنانەت پتر لە ٢٠ جاشی کوژراون، باخزمەکانیان نەزانن.بەڵی شەڕی تازە شار داستانێکی مێژوویی و شەڕێک بوو کە

سەلماندی تەنها باڵابوونی چەک گرنگ نیە، بەڵکو خۆشەویستی بۆ گەل و نیشتمان دینەمۆی سەرکەوتنە.

هەزاران سلاو لە گیانی پاکی هاوڕێ ئاشتی و شەهیدانی ڕێگای ئازادی مرۆڤەکانی دی

م عەلی زەنگەنە: بۆ میژوو
شەهید عبدالرحیم علی محمود شالی / ئاشتی/ لە شاری کرکوک لە دایک بووە . کولیجی کشتوکالی تە واو کردبوو. لە بنەماڵەیەکی شیوعی ناسراو بوو. گەلێ قوربانی و ئازار و راودنانیان بە سەردا هاتوە. لە سالی ١٩٨٥ پیوە ندی کردوە بە هیزی پیشمە رگە وە لە کە رە جال . لە ١٩٨٦بوو بە رابهر سیاسی لە لقی جباری بە تالیونی ٤ گە رمیان ، لە کاتی ئەنفالە کە ٨/٤/١٩٨٨لە گوندی تازە شاری بنار گل لە شە ریکی قورس و سە ختدا ، لە گە ل هاوریان ١ - ملازم سامی ٢- ماجد ٣-عامر ٤- علی ٥- عدنان ٦- عبدالله ٧- طارق شە هید بوون
هە ر لە و شە رە دا ١٢ پیشمە رگە ی یە کیتی و ٢ پشتگیریش شە هید بوون . واتە ٢٢ پیشمە وگە شە هید بوون . سلاوو لە رووحی پاکیان. "عەلی زەنگەنە"